# پێویستییەکانی هەڵبژاردن و پەیوەندی بە بەختەوەری لە لایەن فەرمانبەرانی زانکۆ

**ID No. 384**

(PP 24 - 36)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.2

**یسری یوسف محمد**
کۆلێژی ئاداب، بەشی دەروونزانی، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
yusra.yousif.psycho@gmail.com

**عمر ابراهیم عزیز**
کۆلێژی ئاداب، بەشی دەروونزانی، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Omer.azeeze@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/06/26**

**پەسندکردن : 2022/08/22**

**بڵاوکردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە پەیوەندی نێوان پێویستییەکانی هەڵبژاردن کە بریتین لە پێویستییەکانی(زیندوومانەوە، خۆشەویستی و ئینتیما، ئازادی، هێز و دەسەڵات، و چێژوەرگرتن) و پەیوەندی بە بەختەوەری لای فەرمانبەرانی زانکۆ. هەروەها زانینی ڕۆڵی کاریگەری فاکتەرەکانی وەک ( ڕەگەز، باری خێزانداری، داهات) لەسەر بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن. لەگەڵ ئەوەشدا زانینی توانای پێشبینیکردنی گۆڕاوەکانی پێویستییەکانی هەڵبژاردن بۆ بەختەوەری لای نموونەی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتی بوو لە فەرمانبەرانی زانکۆی گەرمیان کە پێکهاتبوون لە فەرمانبەرانی هەرسێ بەڕێوەبەرایەتی (سەرۆکایەتی زانکۆ، کۆلێژەکان و سەنتەری توێژینەوە)ی زانکۆی گەرمیان- شارۆچکەی کەلار سەر بە پارێزگای سلێمانی. نموونەی توێژینەوەکەش بریتی بوو لە (٤٧%)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە پێکهاتبوو لە (٣٥٠) فەرمانبەر لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) بەشێوەی یەکسان. پشت بە ڕێبازی (وەسفی پەیوەندی)بەسترا لەم توێژینەوەیە، و هەروەها زانیارییە چۆنایەتییەکان کۆکرانەوە لە ڕێگەی هەریەک لە پێوەری پێویستییەکانی هەڵبژاردن کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکرابوو، پێوەری بەختەوەری ئۆکسفۆرد کە لەلایەن (Hills& Argyle, 2002) گەشەی پێدرابوو، لەگەڵ ئامادەکردنی فۆرمی زانیارییە دانیشتوانزانییەکان (دیمۆگرافییەکان). بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە پشت بە شیکاری ئاماری هەریەک لە (هاوکۆلگەی پەیوەندی پێرسۆنPearson Correlation Coefficient ، ئەنۆڤا Anova، Regression analysis) بەستران. ئەنجامەکان ئەوەیان خستەڕوو کە پەیوەندییەکی ئاماری گرینگ هەیە لەنێوان هەریەک لە گۆڕاوەکانی پێویستییەکانی هەڵبژاردن و بەختەوەری لای نموونەی توێژینەوەکە. هەروەها کاریگەری باری خێزانداری بەسەر (بەختەوەری)،و پێویستییەکانی (زیندوومانەوە، خۆشەویستی و ئینتیما، ئازادی، هێز و دەسەڵات) بەدیکرا. لە کۆتاییشدا دەرکەوت کە (پێویستی چێژوەرگرتن) بە ئاستێکی بەرزتر لە پێویستییەکانی تر دەکرێت پێشبینیکەرێکی بەهێزبێت بۆ بەختەوەری لای نموونەی توێژینەوەکە.

**وشە بنچینەییەکان:** پێویستییەکانی هەڵبژاردن ، بەختەوەری.

## پێشەکی

لەسەرەتایی دەستپێکردنی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە، مرۆڤ هەمیشە بەدوای بەختەوەری و خۆشگوزەرانی گەڕاوە. وە زۆر ڕێگای سەختی تاقیکردۆتەوە بۆ گەیشتن بەو بەختەوەرییە. هەر ئەوەش بنەمای سەرەکی پێشکەوتنی وڵاتانی جیهان بووە لە زۆربەی بوارەکانی ژیان(Hole, 2021, p.6). بەڵام سەرەڕای پێشکەوتنە ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، زانستی و تەکنەلۆژییەکانەوە کە بەخێرایەکی گەورە گەشەیان کرد لە جیهاندا، ئەو سودانەی کە هێناویانەتە پێش بۆ کۆمەڵگەکان کە بریتیە لە سامانێکی مادیی گەورە، کەچی کاریگەری نەخوازراوی هەبووە لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئاستی بەختەوەری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەویش لە دەرئەنجامی کەمتەرخەمی لە بەدیهێنانی پێداویستیە تاکەکەسیەکانەوە سەریهەڵداوە کە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ئاستی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی تاکەکان لەجیهاندا (Sing, 2011, p.1).

یەکێکیش لە بنەما سەرەکییەکانی ژیان گەڕانە بەدوای بەختەوەری، و هەموو جوڵەیەکی ئەم ژیانەی ئێمە تەکانێکە بە ئاراستەی بەختەوەریی(دەلای لاما و سی کاتلەر، ٢٠١٩، ل٩). مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بە بەختەوەری هەوڵیان داوە ئەو هۆکار و ئامراز و پێداویستییانە بدۆزنەوە کە هاوکار و پاڵپشتیکەرێکی بەهێزن بۆ بەدەستخستنی بەختەوەری لەژیانی ڕۆژانەیاندا(Hole, 2021, p.6).

لە ماوەی ڕابردوودا بیرۆکەی بەرزکردنەوەی بەختەوەری کۆمەڵایەتی سەرنجی زۆرێک لە زانا و بیرمەندەکانی وڵاتانی جیهانی ڕاکێشاوە وە هەندێکیان سیاسەتی تایبەتیان جێبەجێکردووە بە ئاڕاستەی بەدەستخستنی ئەو ئامانجانەی کە پەیوەندییان بە

بەختەوەرییەوە هەیە (Hole, 2021, p.6). توێژینەوەکان دەربارەی خۆشگوزەرانی ئەوە نیشاندەدەن کە بەختەوەری وەک بەهایەکی ژیان گرنگی زۆر هەیە بۆ خەڵک لە هەموو جیهاندا (Turkdogan& Duru, 2012, p.1). توێژینەوەی بەختەوەری هاوچەرخ بەتوندی لە ژێر کاریگەری بزوتنەوەیەکدایە کە پێی دەوترێ بزوتنەوەی دەروونزانی ئەرێنی کە ئامانج لێی گەیاندنی تاکەکانە بە ئاستێکی بەرزی خۆشگوزەرانی نەک تەنها چارەسەری گرفتە دەروونیەکانیان، هەروەها بیرمەندانی ئەو بزوتنەوەیە پێیان وایە کە بەختەوەری تەنها دەرئەنجامی نەبوونی نەخۆشی دەروونی نیە بەڵکو زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە(Hole, 2021, p.8). ئەمە لەکاتێکدایە ئەمرۆ بەڕوونی ئاگادارین کە ڕازیبوون بە پێداویستییە مرۆییەکان ڕۆڵێکی پێشبینیکەری بێوێنەی هەیە بۆ بەختەوەری لە ئاستی جیهاندا هەرچۆنێک بێت ئێمە هێشتا نەگەیشتوینەتە کۆ دەنگی تەواو سەبارەت بە بەچەمککردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و کام لەو پێویستییانە پەیوەندی زیاتری هەیە بە بەختەوەری لای تاکەکان.

بێگومان مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکی بایلۆژی سادە نیە کە بتوانرێت بەئاسان لە شێوازی ئاڵۆزی پێویستییەکانی تێبگەین. ماوەیەکی کەمە نیە کە توێژینەوە لە پێویستییەکانی مرۆڤ سەرنجی زۆرێک لە توێژەرانی ڕاکێشاوە وە هەروەها لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی ئەم پێویستییانە لە گەیشتنی تاک بە بەختەوەری بۆتە بابەتێکی سەرەکی زۆرێک لە توێژینەوەکانیان ( Turkdogan& Duru, 2012, p.2).

#### بەختەوەری(Happiness)

پاش تێپەڕینی چەندین سەدە لە توێژینەوە و بەدواداچوونی چەمکەکان لە بەکارهێناندا، هێشتا چەمکی بەختەوەری لەنێو بواری دەروونزانیدا جێگەی مشتومڕە و ئەو توێژینەوانەی کراون ئەوەمان نیشاندەدەن کە هێشتا چەندین چەمک و دەستەواژەهەن کە لەبری چەمکی بەختەوەری بەکاردەهێنرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تەنانەت خودی چەمکی بەختەوەری (Happiness)ش کە لەوشەی (Happy)ەوە هاتووە کە لەبنەڕەتدا لە وشەی ئایسلەندییەکەوە هاتووە کە (happ)یە و بەمانای بەخت و چانس دەگەیەنێت، تەنانەت زۆرینەمان لە سروشتی نادیاری بەختەوەریدا هەمان تێڕوانینمان هەیە، و ئەو ساتە خۆشانەی ژیان بۆمانی دەهێنێت و بەشێوەیەکی چاوەڕوانەنەکراو بەرەو ڕوومان دێت (دەلای لاما؛ سی کاتلەر، ٢٠١٩، ل٥٩-٦٠). لە بیردۆزی ئەرستۆدا بەختەوەری کۆتا ئامانجی بوونی مرۆڤە و تاکۆتایی ژیان مرۆڤ بەختەوەری بەدی ناهێنێت بۆیە ئامانجێکە و دۆخێکی کاتی نیە(Hassanzadeh& Mahdinejad, 2013, p.54-55).

بەختەوەری یەکێکە لە توێژینەوەکان لەبواری دەروونزانی ئەرێنی کە تێڕوانینێکی گشتگیر و بابەتیانە سەبارەت بە چۆنایەتی ژیان کە لەلایەنی سۆزداری و مەعریفی و خۆشگوزەرانی تێدایە (Turkodogan, 2017, p.2). و ڕابەری ئەو بزووتنەوەیەش سێلیگمان (2002) پسپۆڕی دەروونزانی ئەرێنییە کە بانگەشەی ئەوە دەکات بەختەوەری ڕەسەن لە بێهودەبوون indentifying و گەشە پێدانی هێزی بنەڕەتی cultivating fundamental strengths و بەکارهێنانی ئەو هێزانەیە هەموو ڕۆژێک لە کار و خۆشەویستی و یاری و پەیوەندییەکان لەگەڵ خێزان و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە. هەروەها سێلیگمان لە هاوکێشەی ژیانی بەختەوەردا ئاماژە بەوەدەکات ژیانی بەختەوەری ژیانێکە بە هەست و چالاکی ئەرێنییەوە، ( Fredrickson and Losada ,2005)پێناسەیەکی تری بەختەوەریی پێشکەش دەکەن کە دەلالەتی لە ژیان دەکات بۆ گەشانەوە و گەشەکردن و بەجێهێشتنی ئەم جیهانە لە هەلومەرجێکی باشتردا. هەروەها بەڕای کراوت(, 1979 ,p.170 Kraut)یش بەختەوەری بریتییە لە "ئەو باوەڕەی کە مرۆڤە دەربارەی شتە گرنگەکان بەدەستی دێنێت کە مرۆڤ دەیەوێت ". بە پێی هیڵس و ئارگیل(Hills and Argyle (2001، بەختەوەری پێکهاتەیەکی فرە ڕەهەندییە کە هەردوو توخمی سۆزداری و مەعریفی لەخۆدەگرێت. سێ پێکهاتەی سەرەکی بەختەوەری دەستنیشان کراون: کاریگەری ئەرێنی یان خۆشیی دووبارە، ڕێژەی بەرزی تێری لە ماوەیەک و نەبوونی هەستە نەرێنییەکانی وەک خەمۆکی و دڵەڕاوکێ( Bekhet., Zauszniewski& Nakhla, 2008, p.12-13).

#### پێویستییە بنەڕەتییەکان ( Basic Needs)

فەرهەنگی کەلەپووری ئەمریکی ئینگلیزی زمان (پێویستی) وەک مەرجێک یان حاڵەتێکی خوازراو و داواکراو پێناسە دەکات. پێداویستییەکانی مرۆڤ لە ماوەی چەند ساڵێکدا لەلایەن ژمارەیەک لە توێژەرانی جیاوازەوە وەسف کراوە(Litwack, 2007, p.28). بەگشتی، لەکاتی پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو ئاماژە بەوە دەکەن زاراوەی پێداویستیە بنەڕەتییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بریتیە لەو پێویستیانەی مرۆڤ بۆ خواردن و پەناگە و پۆشاک و هەوا و ئاو. کە ئەم پێویستیانە دەچنە چوارچێوەی پێویستییەکانی زیندوومانەوەی مرۆڤ، بەڵام بەپێی کات لەلایەن زانایانەوە پەرەی زیاتری پێدرا و چەمکی پیویستییە بنەڕەتییەکانیان فراوانکردن و بەتەنها لە نێو پێویستییەکانی زیندوومانەوە نەمایەوە، ئەو کەسەی وا دیارە کە بە فراوانی کاری لەسەر چەمکی پێداویستییە

بنەڕەتییەکان کردووە لە سەرووی ئاستی زیندوومانەوەوە ئەبراهام ماسلۆ بووە لە ساڵی (١٩٥٤)، ماسلۆ پەرەیدا بە پێویستییە بنەڕەتییەکان کە پێی دەگوت پلەبەندی پێداویستیەکانی مرۆڤ کە پێی وابوو ئەم پێویستیانە غەریزەیی و زگماکین، هەرچەندە هەموو پێداویستییەکان غەریزەین، بەڵام هەستی کرد کە هەندێک لە ئەوانی تر بەهێزترن هەربۆیە ماسلۆ پێداویستییەکانی لە شێوەی هەرەمێکدا ڕێک خست. هەر چەند پێویستی لە هەرەمەکەدا کەمتر بێت، بەهێزترە هەرچی پێویستییەکە لە هەرەمەکەدا بەرزتر بێت، لاوازترە. لەگەڵ ئەوەشدا ماسلۆ ئاماژەی بەوەدا کە مرۆڤ و ئاژەڵەکان یەکسانن لە پیویستییە بنەڕەتییەکان بەڵام بەتەنها مرۆڤ خاوەنی پێویستییە باڵاکانە.

دوای چەند ساڵێک لە وەسفی ڕەسەنی ماسلۆ بۆ هەرەمی پێداویستییە مرۆییەکان، ویلیام گلاسەر لە ساڵی (1965) باوەڕی خۆی بە دوو پێویستی بنەڕەتی باس کرد. ئەمانە پێویستیی بە خۆشەویستی و خۆشویستراو بوون، وە پێویست بوو هەست بکەین کە ئێمە بۆ خۆمان و ئەوانی تر شایەنین و خۆشویستراوین لەلایەنی ئەوانی ترەوە. ئەمانە پێدەچێت هاوتای ئاستی سێیەم و چوارەمی ماسلۆ بن. تا ساڵی 1981، بیرکردنەوەی گلاسەر فراوان بوو. ئاماژەی بەوەدا کە " من گەیشتوومە ئەو باوەڕەی کە من پاڵدەنرێم بە پێنج پێویستی کە پێکەوە ئەو هێزانە پێک بهێنن کە من پاڵبنەن، بەڵام یەک جیاوازی سەرەکی ئەوە بوو کە گلاسەر باوەڕی وابوو کە هەموو پێویستییەکان لە تواناو یەکسانن نەک هەرەمیین. لە کاتێکدا ماسلۆ باوەڕی وابوو کە ئەو پێداویستیانەی کە دەستنیشانی کردووە لە ناوەوە یان هەناوین، لە کاتێکدا گلاسەر پێیوابوو کە ئەو پێداویستییە بنەڕەتیانەی کە دەستنیشانی کردووە بۆماوەییە. یان نا لە بۆهێڵەکانی مرۆڤدا هەیە یان نا، بابەتی بیروڕایە. هەتا زاناکان نەخشەکێشانی بۆهێڵەکانی مرۆڤ تەواو بکەن، ئەوە بە بابەتێک دەمێنێتەوە بۆ گفتوگۆ.

تیۆری هەڵبژاردنی گلاسەر نیشانی دەدات کە پێنج پێویستی بنەڕەتی ڕەفتارەکانمان بەڕێوەدەبەن هەموو ڕەفتارەکان هەوڵێکە بۆ ڕازیکردنی یەک یان زیاتر لە پێنج پێویستی بنەڕەتی و بەدەستهێنانی ئەو وێنەیەی کە لە جیهانی کوالێتی خۆماندا دروستمان کردووە(Sing, 2011,p. 17). ئەو پێنج پێویستیەش بریتین لە:

**پێویستی زیندوومانەوە**: خۆی لە پێداویستییە فیسیۆلۆژییەکان دەبینێتەوە بۆ مانەوە و ئارەزووی بایۆلۆژی، وەک پێویستی بۆ خواردن و ئاو و شوێنی حەوانەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوە و چێژی سێکسی، هەروەها پێویستی سەلامەتی و ئاسایش، لەگەڵ ئارەزووی کارکردنی جدی (ڕاشکاوانە) و خۆدوانەخستن و سوربوون لە ئەنجامدانی هەر کارێک بۆ زیندومانەوە بێت ، سنوری زیندومانەوە تێپەڕێنین و بەرەو ئارامی و ئاسایش هەنگاو بنێین و دوور لە ئارەزووی سەرکێشی کردن (SING, 2011, P24)، و گرنگیدان بە کێشە داراییەکان و پێویستییە سێکسیەکان (Shiva, 2016, P91).

**پێویستی خۆشەویستی و ئینتیما**: ئەم پێویستیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە گرنگی بەدەین بە خۆشگوزەرانی کەسانی تر و ناسینی خەڵکانی نوێ و بوونی کراوەیی و هاوسۆزی لەگەڵ هاوڕێیان یان ئەو کەسانەی خۆشمان دەوێت، و هەستکردن بە ئاسوودەیی لە ماڵەوە. وە بوونی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و دروستکردن و پاراستنی دۆستایەتی و بوونی ئەندامێتی لەگروپە کۆمەڵایەتیەکاندا (Shiva, 2016, P91).

**پێویستی ئازادی**: پێویستیەکی گەشەکردووە و ئامانجی بەدەستهێنانی هاوسەنگی ڕاستەقینەیە لەنێوان دووشتدا کە یەکەمیان: پێویستی بە ناچارکردنی کەسانی تر کە بەویستی تۆ بژین. دووەم: پێویستی کەسانی تر بۆ ڕزگاربوون لەو ناچارکردنە. هەروەها ئامادەنەبوون بە هاوشێوەی و مانەوە لەیەک شوێن لەنێو یەک گروپ خەڵک بۆ ماوەیەکی درێژ(Glasser,1999, p.52)،و ئامادەیی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەژیانی خود و مێشک کراوەیی و ئارەزووی ژیانکردن بەوشێوازەی خۆت دەتەوێت ( Kennedy, 2020, P1). بوونی ئیرادەی ئازاد لە هەڵبژاردنی شتەکاندا (Kutlu & Pamuk, 2016, P129).

**پێویستی هێز و دەستکەوت**: پێویستی هێز خۆی لە سامانداری و ڕێزلێگیراوی و ناسراوی لەنێو ئەوانی تردا دەگرێتەوە، و قسەکەر و گوێلێگیراو بێت لەلایەن ئەوانی ترەوە. هەروەها چێژوەرگرتن لە کێبڕکێ و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر و ترس لە نیشاندانی لاوازی . ویستی ڕێ و شوێنی تایبەت و خاوەنداریەتی کەسانی تر (Kennedy, 2020, P1).

**پێویستی چێژوەرگرتن**: چێژوەرگرتن لە فێربوونی شتی نوێ و یاریکردن و چالاکی داهێنەرانە و وەرگرتنی خۆشی و سەرگەرمی لە ئەنجامدانی ئەوکارانەی کە ئەنجامی دەدەیت. توانای پێکەنین بە خودی خۆت و خستنە پێکەنینی کەسانی دەوروبەر، و هەروەها ڕوانینێکی ئەرێنیانە بۆ ژیان و قبوڵکردنی بە خۆشیەوە (Glasser,1999, P72).

**پەیوەندی نێوان بەختەوەری و پێویستییە بنەڕەتییەکان**

بەختەوەری ئەو چەمکەیە کە زۆرێک لە ئێمە بە دوای ناوەڕۆکەکەیدا وێڵین و لە سەرچاوەکانیشی بێئاگاین. هەموان دەخوازین بەختەوەر بین، بەڵام نازانین چۆن بەدی بهێنین، وە بێئاگاین لەوەی ئەو هۆکارانە چین کاریگەری زیاتریان هەیە لەسەر بەختەوەربونمان. هەر مرۆڤێک بە جۆرێک لە بەختەوەری تیدەگات کە بەپێی ئەو پێویستیانەی کە هەیانە پەلکێشی تاک دەکەن بۆ پڕکردنەوەیان بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە بەختەوەری زیاتر، وە هەرکات تاک نەیتوانی ئەو پێویستیانە لە کات و ساتی خۆیدا پڕیانبکاتەوە کاریگەری دەکاتە سەر ئاستی بەختەوەریان لە ژیاندا. هەربۆ ئەم مەبەستەش تاک بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی پانادەبەنە بەر گرتنەبەری چەندین شێوازی هەڵسوکەوت ومامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو پێویستییانە – هەیە لە ڕێگەی خۆپەرستی و خزمەتکردنی خۆیەوە، هەیشە لە ڕێی خەڵکدۆستی و یارمەتیدانی ئەوانی دیکەوە. هەیە بە بەختەوەرکردنی کەسانی دیکە بەختەوەر دەبێت و هەیشە بە ئازاردانیان (دەلای لاما، سی کاتڵەر، ٢٠١٩، لا٨). کاتێک لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان باسی بەختەوەری دەکرێت و بەتایبەت تریش لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردیدا ، هەمیشە گرێ دەدرێتەوە بە بوونی سامان و پڕکردنەوەی پێویستییەکانی مرۆڤەوە. وە هەمیشە لەگەڵ ناوهێنانی بەختەوەری بوونی پارە و جەستەیەکی تەندروست ، خواردنی بەتام و چێژ و تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکان و بوونی پلەوپایە و هەندێ شتی دیکەمان بەخەیاڵدا دێت، هەموو ئەمانە و پێویستییەکانی تر بێگومان ڕۆڵ دەبینین لە بەختەوەربوونمان بەڵام تا ئێستا ڕوون نیە ئەوە کام پێویستیەیە کە زیاتر ڕۆڵی بینیوە لە ژیانی کەسە بەختەوەرەکاندا؟(دەلای لاما، سی کاتڵەر، ٢٠١٩، لا١٠).

توێژینەوەکانی پێشوو (Literature review)

لە توێژینەوەی (Turkdogan& Duru, 2012) بەناونیشانی (The role of basic needs fulfillment in prediction of subject well-being among university students)( ڕۆڵی جێبەجێکردنی پێویستیە بنەڕەتییەکان لە پێشبینی خۆشگوزەرانی بابەتی لە نێو خوێندکارانی زانکۆ). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٦٢٧) خوێندکاری زانکۆی پاموکەلێ (Pamukkale) لە تورکیا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠)، ٥٥.٨% لە ڕەگەزی مێ بوو، ٤٤.٢% لە ڕەگەزی نێر بوون، کە لە چەند فاکەڵتیەکی جیاواز وەرگیرابوون. ئامانجی توێژینەوەکە، بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە لەڕۆڵی ئاستی بەجێهێنانی پێویستییە بنەڕەتییەکانی خوێندکارانی زانکۆ لە پێشبینیکردنی ئاستی خۆشگوزەرانی بابەتی، بۆ ئەم مەبەستەش پێوەری پێویستییە بنەڕەتییەکانی خوێندکارانی زانکۆ (USBNS) بەکارهێنرابوو کە لە (٣٣) برگە پێکهاتبوو بە پێوەری (٧) خاڵی لیکرت. پشت بەسترا بە شیکردنەوەی فرەهێڵی ( Multi liner Regression) بۆ دۆزینەوەی ڕۆڵی پێویستییە بنەڕەتییەکان لە پێشبینیکردنی خۆشگوزەرانی بابەتیانەی خوێندکارانی زانکۆ. ئەنجامەکان ئەوەیان نیشاندا کە پێویستی (خۆشەویستی و ئینتیما) ڕازیترین پێویستییە لەنێوان تێگەیشتنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی قوتابیان. تێگەیشتنی خوێندکاران لە ئاستی بەدیهێنانی پێویستییەکانی دەسەڵات، چێژوەرگرتن، ئازادی گرنگیان کەمترە. بەڵام کەمترین پێویستی پێویستی زیندومانەوەبوو. ئەوەیان بۆ ڕوون بوەوە کە پێویستی خۆشەویستی و ئینتیما ، ئازادی، چێژوەرگرتن، هێز، پێشبینیکەرێکی بەهێزی خۆشگوزەرانی بابەتیانەیە لەنێو خوێندکارانی زانکۆدا( Turkdogan& Duru, 2012, pp.2440-2446).

لە توێژینەوەی (Sing& Jusoh, 2015 )بە ناونیشانی ( Validity and Reliability of Basic Needs Questionnaire Based on Choice Theory in Malaysia) (ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەری پێویستییە بنەڕەتییەکان لەسەر بنەمای تیۆری گلاسەر لە مالیزیا). توێژینەوەییەکی وەسفییە کە لەسەر خوێندکاران لە شاری پیرەکی وڵاتی مالیزیا ئەنجامدراوە، کە ژمارەیان (١١٩) خویندکاربوو کە بەسەر (٤) گروپی پۆلی (٩) دابەشکرابوون. ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جیگیری بۆ پێوەری پێویستییە بنەڕەتییەکان لەسەر بنەمای تیۆری هەڵبژاردن. ئەویش بە ئامادەکردنی پێوەری پێویستیە بنەڕەتییەکان کە لە (٨٥) برگە پێکهاتبوون و بەسەر (٥) بواری لاوەکی دابەشکرابوون. دەرەنجام برگە پەسەندکراوەکان کۆی گشتی بریتی بوون لە چل و حەوت پرسیار. تاقیکردنەوەی جێگیری شەش مانگی خایاند بۆ تەواو بوون. هەربۆیە ئەنجامەکان ئەوەیان خستەڕوو کە جێگیری پێوەرەکە بە بەکارهێنانی کۆرنباخ ئەلفا دەرهێنرا، ئەنجامەکان 47 برگەی کوالێتی و گرنگیان نیشان دا. ڕاستگۆیی پێنج پانێڵەکە لە سەدا 91 نیشاندا و جێگیر پێوەرەکەش بریتی بوو لە 871. کە بە پێی ئەو دەرەنجامانەی کە پێوەری پێداویستییە بنەڕەتییەکان جێگیری و ڕاستگۆییەکی بەرزی هەبووە لەم توێژینەوەیەدا(Sing& Jusoh, 2015, pp.164-180 ).

لە توێژینەوەی (Hills& Argyle, 2002,) بە ناونیشانی ( The oxford happiness questionnaire: a compact scale for the measurement of psychological well-being) (پێوەری بەختەوەری ئۆکسفۆرد: پێوەرێکی چڕ بۆ پێوانەکردنی خۆشگوزەرانی

دەروونی). نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (١٧٢) خوێندکاری دەرچووی زانکۆی ئۆکسفۆرد بروکسل، کە مەودای تەمەنیان لە نێوان (١٣ بۆ ٦٨) ساڵ بوو. پرسیارنامەی بەختەوەری ئۆکسفۆرد (OHQ) کە ئامێرێکی چاککراوە کە لە لیستی بەختەوەری ئۆکسفۆرد (OHI)ەوە وەرگیراوە، دەرئەنجامی هەردوو پێوەری (OHI)(OHQ)جێگیرییەکی بەرزیان هەبوو بە ڕێژەی (0.92)، (0.91 ) وە هەردووکیان پەیوەندییەکی گرنگ و بەهێزیان هەبوو بە ڕێژەی (0.80). (OHQ) بەهێزتر بوو لە ڕووی دروستیی بنیاتنانەوە، وا دەردەکەوێت کە پێوەرێکی پەسەند بێت بۆ بەکارهێنان (Hills& Argyle, 2002, pp. 1074-1082).

هەربۆیە **ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە** بریتیە لە توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان پێویستییەکانی هەڵبژاردن ( زیندوومانەوە، خۆشەویستی و ئینتیما، ئازادی، هێز و دەسەڵات، چێژوەرگرتن) و بەختەوەری لای نموونەی توێژینەوەکە. هەروەها توێژینەوە لە ڕۆڵی فاکتەرەکانی وەک (ڕەگەز، باری خێزانداری، داهات) لەسەر پێویستیەکان و بەختەوەری. و هەروەها زانینی توانای پێشبینیکردنی پێویستیەکانی هەڵبژاردن بۆ بەختەوەری. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٣٥٠) فەرمانبەر لە ڕەگەزی نێر و مێ لە زانکۆی گەرمیان. **گرنگی ئەم توێژینەوەیە** خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەوڵدانێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە تا ئێستا ڕوون نین لە پەیوەندی نێوان پێویستییەکان و بەختەوەریدا.

## ڕێبازی توێژینەوە

کۆی گشتی (٣٥٠) فەرمانبەری زانکۆی گەرمیان بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردران. لەو فەرمانبەرانە ١٧٥فەرمانبەریان لە ڕەگەزی نێربوون (٥٠٪) و ١٧٥ فەرمانبەریان لە ڕەگەزی مێ بوون (٥٠%). وە لەباری خێزانداری کە (١٥٥) فەرمانبەریان لە باری سەڵتیدا بوون، و (٢٥٠) فەرمانبەریان لە باری خێزانداریدا بوون. وە لە ڕووی ئاستی داهاتیشەوە (٤٧) فەرمانبەریان داهاتیان لەنێوان (٣٠٠-٥٠٠) دینار بوو. (١٤٠) فەرمانبەریان داهاتیان لە نێوان (٥٠٠-٨٠٠) هەزار بوو، ئەوانی تریش کە ژمارەیان (١٦٣) فەرمانبەر بوون ئاستی داهاتیان لە (٨٠٠- زیاتر) بوو (بڕوانە خشتەی ).کە هەموویان

**خشتەی (١) کۆمەڵگەی توێژینەوە**

| | | Value Label | N |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | 1 | نێر | 175 |
| | 2 | مێ | 175 |
| باری.خێزانداری | 1 | سەڵت | 100 |
| | 2 | خێزاندار | 250 |
| داهات | 1 | (300-500) | 47 |
| | 2 | (500-800) | 140 |
| | 3 | (800-More) | 163 |

بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بەشداربوون. پێوەرەکانیش لەڕێگەی کاربەرنامەی فایبەرەوە (بەشێوەی گوگڵ فۆرم) و بەشێوەی ڕاستەوخۆ دابەشکران بەسەر نموونەی توێژینەوەکە (بڕوانە خشتەی١).

بۆ بەدەست هێنانی زانیارییە کۆمەڵایەتی- دیمۆگرافییەکانی وەک (ڕەگەز و باری خێزانداری و ئاستی داهات) ڕاپرسییەکی دیمۆگرافی ئامادەکرا. بەمەبەستی پێوانەکردنی بەختەوەری لای فەرمانبەرانی زانکۆ پشت بەسترا بە (پێوەری بەختەوەری ئۆکسفۆرد) کە لەلایەن دەروونزانان ( مایکڵ ئارگیل، پیتەر هێلس) لە ساڵی (٢٠٠٢) پەرەی پێدراوە (بڕوانە خشتەی ) تەواوی زانیارییەکان دەربارەی پێوەرەکە خراوەتەڕوو. پاش دەرهێنانی (وردی وەرگێڕان) و ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری بەختەوەری ئۆکسفۆرد دەرکەوت هەموو بڕگەکانی پێوەر زیاد لە ڕێژەیی (٧٥%) گونجاویان پێشاندا لەلایەن شارەزاییانەوە جگە لە بڕگەی (٩) نەبێت کە ڕێژەی (٦٩%) ی شارەزاییان بە گونجاویان زانی هەربۆیە دوورخرایەوە لە پێوەرەکە . و پاش دەرهێنانی جێگیری بۆ پێوەرەکە دەرکەوت ( بە شێوازی دووبارە تاقیکردنەوە ٠.٦٢ ، هاوکۆلگەی ئەلفا ٠.٧٤، دابەشکردنی نیوەیی ٠.٧٧)یان بەدەستهێنا ئەمەش ئاستی بەرزی جێگیری پێوەرەکە نیشاندەدات. لە کۆتاییدا پێوەرەکە بە (٢٨) بڕگە مایەوە.

پێوەری پێویستییەکانی هەڵبژاردنیش کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکرابوو لەسەر بنەمای تیۆری هەڵبژاردنی وڵیەم گلاسەر (١٩٩٨)، بەمەبەستی ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەر پشت بەسترا بە هەریەک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی وڵیەم گلاسەر کە ئەوانیش کتێبەکانی (Take charge of your life, ،(Reality therapy, 1965) ،Choice theory: A new psychology of personal freedom, 1998)) 2011)، و لە ژێر چەتری ئەو سەرچاوانە و وەرگرتنی تێڕوانین و ئەو پێناسانەی کە بۆ هەریەک لە پێویستییە بنەڕەتییەکان کراوە و چەندین توێژینەوە لەو بوارە کە بریتین لە توێژینەوەکانی ((Sing, 2011 P.164-180 ،(Shiva& Hassan, 2016, p.89) ،(Kennedy, 2020, p.1-3) ،(Kutla& Pamuk, 2016, p.128) ،(Wong& Sing, 2015, p.164) ،(Mirzaei and Majd& Sahebi, 2018, pp.159-169)، بڕگەکانی پێوەر ئامادەکران (بڕوانە خشتەی ٢) تەواوی زانیارییەکان دەربارەی پێوەرەکە خراونەتەڕوو. پاش دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی کە ڕێژەی (٧٥%) لە شارەزاییان هاورابوون لەگەڵ بڕگەکانی پێوەر و بوارەکان. پاش دەرهێنانی جیاکاری و

جێگیری لە ڕێگەی ( بە شێوازی دووبارە تاقیکردنەوە ۰.٥١ ، هاوکۆلگەی ئەلفا ۰.٦٦) بۆ پێوەرەکە بڕگەکانی (٤،٦،١٢) لە پێوەرەکە دوورخرانەوە. کە لە کۆتاییدا (٤۰) بڕگە مایەوە.

**خشتەی (٢) ناساندنی هەردوو پێوەری بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن**

| زانیارییەکان | پێوەری بەختەوەری ئۆکسفۆرد | پێوەری پێویستییەکانی هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| گەشەی پێدراوە لەلایەن | (Hills& Argyle) لە ساڵی ٢۰۰٢ | لە لایەن توێژەرەوە |
| کۆی بڕگەکان | ٢٩ بڕگە | ٤٣ بڕگە |
| بڕگە پێچەوانەکان<br>بژاردەکانی وەڵامدانەوەی بڕگەکان | ١،٥،٦،١۰،١٣،١٤،١٩،٢٣،٢٤،٢٧،٢٨،٢٩<br>١ =هاوڕانیم بەتەواوی<br>٢ =هاوڕانیم بەشێوەیەکی مامناوەندی<br>٣ =هاوڕانیم تاڕادەیەک<br>٤ =هاوڕام تاڕادەیەک<br>٥ =هاوڕام بەشێوەیەکی مامناوەندی<br>٦= هاوڕام بەتەواوی | نیە<br>١= بەتەواوی ناڕازیم<br>٢= تاڕادەیەک ناڕازیم<br>٣= دڵنیانیم<br>٤= تاڕادەیەک ڕازیم<br>٥= بەتەواوی ڕازیم |
| هەژمارکردنی بڕگەکان | ١-زیادکردنی ژمارەکان بۆ هەموو ٢٩ پرسیارەکە (بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕینی ئەو (١٢) بڕگەی کە بریتین لە بڕگەی پێچەوانە.(<br>٢-پاشان کۆی وەڵامی بڕگەکان دابەش (٢٩). کەواتە نمرەی بەختەوەری تۆ بریتیە لە = کۆی گشتی هەنگاوی (١) دابەشکراو بە (٢٩). | بەرزترین کۆنمرە لە بوارێک لە بوارەکان بەراورد بەوانی تر وە لە ناوەندەژمێری ئاماژەیە بە بەهێزی ئەو پێویستیە لە پێوەرەکە |
| بوارەکان | نیە | خۆشەویستی و ئینتیما (٩) بڕگە<br>١۰،١١،١٢،١٣،١٤،١٥،١٦،١٧،١٨<br>زیندوومانەوە (٩) بڕگە<br>١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩<br>ئازادی (٨) بڕگە<br>١٩ ،٢۰،٢١،٢٢،٢٣،٢٤،٢٥،٢٦<br>هێز و دەستکەوت (٨) بڕگە<br>٢٧،٢٨،٢٩،٣۰،٣١،٣٢،٣٣،٣٤<br>چێژوەرگرتن (٩) بڕگە<br>٣٥ ،٣٦،٣٧،٣٨،٣٩،٤۰،٤١،٤٢،٤٣ |

پاشان داتاکان شیکرانەوە لە ڕێگەی ئاماری Spss (وەشانی ٢٥). لە ڕێگەی کرداری ئاماری هاوکۆلگەی پەیوەندی پێرسۆن ( معامل ارتباط بيرسون- Pearson Correlation) بۆ زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پێویستییەکانی هەڵبژاردن و بەختەوەری، هەروەها شیکردنەوەی هەمەجۆری دووانی ( تحليل التباين الثنائي-Anova Two way analysis variance ) بەمەبەستی زانینی کاریگەری گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی (ڕەگەز و باری خێزانداری و داهات) لەسەر بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن. الانحدار الخطي المتعدد (Multiple linear regression) بەمەبەستی زانینی توانای پێشبینی کردنی پێویستییەکانی هەڵبژاردن بۆ بەختەوەری لای فەرمانبەرانی زانکۆی گەرمیان.

## ئەنجامەکان

ئاماری وەسفی بۆ گۆڕاوەکان لە خشتەی (١) پێشان دراوە.

**خشتەی (٣) ئاستی بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن لای فەرمانبەران**

| | N | Mean | Std. Deviation | Std. Error Mean |
|---|---|---|---|---|
| بەختەوەری | 350 | 3.97 | .697 | .037 |
| زیندوومانەوە | 350 | 32.12 | 2.538 | .136 |
| خۆشەویستی و ئینتیما | 350 | 31.52 | 3.825 | .204 |
| ئازادی | 350 | 34.85 | 3.577 | .191 |
| هێزودەسەڵات | 350 | 23.97 | 6.109 | .327 |
| چێژوەرگرتن | 350 | 30.34 | 6.182 | .330 |

**خشتەی (٤) تاقیکردنەوەی یەک نموونە بۆ گۆڕاوەکانی بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن**

**One-Sample Test**

| | Test Value = 0 | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | t | df | Sig. (2-tailed) | Mean Difference | 95% Confidence Interval of the Difference | |
| | | | | | Lower | Upper |
| بەختەوەری | 106.560 | 349 | .000 | 3.972 | 3.90 | 4.05 |
| زیندوومانەوە | 236.805 | 349 | .000 | 32.123 | 31.86 | 32.39 |
| خۆشەویستی و ئینتیما | 154.163 | 349 | .000 | 31.517 | 31.12 | 31.92 |
| ئازادی | 182.244 | 349 | .000 | 34.846 | 34.47 | 35.22 |
| هێزودەسەڵات | 73.407 | 349 | .000 | 23.971 | 23.33 | 24.61 |
| چێژوەرگرتن | 91.821 | 349 | .000 | 30.340 | 29.69 | 30.99 |

جیاوازی ئاماری گرینگ وبەرزی ئاستی هەریەک لە (بەختەوەری) و پێویستییەکانی ( زیندوومانەوە، ئینتیما و خۆشەویستی، ئازادی، هێز و دەسەڵات، چێژوەرگرتن) پێشاندرا لای نموونەی توێژینەوەکە بەڵام بە ڕێژەی زیاتر هەریەک لە پێویستی ئازادی و زیندوومانەوە و چێژوەرگرتن بەبەراورد بەوانی تر (بڕوانە خشتەی ).

هەروەها لە خشتەی () کە جیاوازی نێوانی پێویستییەکان و بەختەوەری بەپێی ڕەگەز دەخاتە ڕوو ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە بەهای تائی ژمێراو بۆ (بەختەوەری) بریتیە لە (٠.٤٢٩) کە ئەمەش بچوکترە لە تائی خشتەیی کە بریتیە لە (١.٩٦) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جیاوازی بەختەوەری لای نموونەی توێژینەوەکە نیە بەپێی ڕەگەزی نێر و مێ. هاوکات هیچ جیاوازییەکی ئاماریی گرنگ نەبینرا لە پێویستی زیندوومانەوە و پێویستی ئازادی بە پێی ڕەگەز کە ڕێژەی تائی ژمێراوی هەریەکەیان بریتی بوو لە (٠.٩٠٥) و (١.١٠٩) کە گەورەتربوون لە تائی خشتەیی (١.٩٦). هاوکات بە پێچەوانەوە هەریەک لە پێویستییەکانی ( خۆشەویستی و ئینتیما ، هێز و دەسەڵات، چێژوەرگرتن) جیاوازی ئاماری گرینگی پێشاندا بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) کە لەخشتەی () ڕوونکراوەتەوە. کەوایە پێویستییەکانی ( خۆشەویستی و ئینتیما، هێز و دەسەڵات و چێژوەرگرتن) لە ڕووی ڕەگەزی نێر و مێینەوە جیاوازیان هەیە.

**خشتەی (٥) هاوکۆلگەی قەیوەندی پێرسۆن لەنێوان بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن**

**Correlations**

| | | پێوەری بەختەوەری ئۆکسفۆرد | زیندوومانەوە | خۆشەویستی و ئینتیما | ئازادی | هێز و دەسەڵات | چێژوەرگرتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێوەری بەختەوەری ئۆکسفۆرد | Pearson Correlation | 1 | .238** | .202** | .299** | .314** | .365** |
| | Sig. (2-tailed) | | .000 | .000 | .000 | .000 | .000 |
| | N | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 |
| زیندوومانەوە | Pearson Correlation | .238** | 1 | .342** | .402** | .240** | .217** |
| | Sig. (2-tailed) | .000 | | .000 | .000 | .000 | .000 |
| | N | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 |
| خۆشەویستی و ئینتیما | Pearson Correlation | .202** | .342** | 1 | .435** | .309** | .348** |
| | Sig. (2-tailed) | .000 | .000 | | .000 | .000 | .000 |
| | N | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 |
| ئازادی | Pearson Correlation | .299** | .402** | .435** | 1 | .242** | .281** |
| | Sig. (2-tailed) | .000 | .000 | .000 | | .000 | .000 |
| | N | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 |
| هێز و دەسەڵات | Pearson Correlation | .314** | .240** | .309** | .242** | 1 | .447** |
| | Sig. (2-tailed) | .000 | .000 | .000 | .000 | | .000 |
| | N | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 |
| چێژوەرگرتن | Pearson Correlation | .365** | .217** | .348** | .281** | .447** | 1 |
| | Sig. (2-tailed) | .000 | .000 | .000 | .000 | .000 | |
| | N | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 | 350 |

**. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

هەروەها لە خشتەی (٥) ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە هەریەک لە پێویستییەکانی هەڵبژاردن پەیوەندیەکی ئاماریی گرینگیان هەیە لەگەڵ بەختەوەری لای نموونەی توێژینەوەکە، بەڵام لە نێویاندا پێویستی چێژوەرگرتن کە هاوکۆلگەی پەیوەندی لەگەڵ بەختەوەرییدا بریتیە لە (٠.٣٦٥) کە پەیوەندیەکی زیاتری بە بەختەوەرییەوە هەیە بە ئاماری بەڵگەداریی (٠.٠١).

هەروەها لەئەنجامی جێبەجێکردنی شیکاری ئاماری (Anova one way) بۆ داتاکان بەمەبەستی زانینی کاریگەری گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی (ڕەگەز، باری خێزانداری، داهات) ، جیاوازی ئاماری هەبوو لەسەر هەریەک لە بەختەوەری و پێویستییەکان لەلایەن باری خێزانداریەوە، هاوکات هیچ جیاوازییەکی ئاماری گرینگ پێشاندەدرا لەسەر کاریگەری گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، و داهات) بەسەر ئاستی بەختەوەری و پێویستییەکانەوە. کە ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی فێرمیان بێرتۆسی (2011) Fermín Bertossi باس لەوە دەکەن کە گۆڕاوەکانی کۆمەڵایەتی- دیمۆگرافی و هەلومەرجی ژیان لە 20٪ زیاتر لە پێشبینیکردنی بەختەوەری ناژمێردرێن، بەڵکو فاکتەری زۆر دەروونی هەن کە قورسایی زیاتر لە دیاریکردنیدا هەیە ( Hernandez Aburto., Munoz Rioseco& Moyano-Diaz, 2017, p.387).

هەروەها بە مەبەستی دڵنیابوون لە زانینی توانای پێشبینیکردنی (پێویستییەکانی هەڵبژاردن) بۆ بەختەوەری لای فەرمانبەرانی زانکۆی گەرمیان، پشت بەسترا بە (الانحدار الخطی المتعدد- Multiple Linear Regression). ئەنجامەکانی Regression دەریخست کە مۆدێلەکە واتا (پێویستییەکانی هەڵبژاردن) ٢٠،٢٪ ی جیاوازیەکەی ڕوونکردۆتەوە و مۆدێلەکە تاڕادەیەک توانای پێشبینیکەری ئاستی بەختەوەرییە، F(5,344)= 17.466، p=0.001. لە کاتێکدا پێویستی چێژوەرگرتن و هێز و دەسەڵات و ئازادی بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریان کرد بۆ مۆدێلەکە ((B=.027, p<.00)، (B=.018, p<.006)، (B=.034, p<.002)). بەڵام پێویستی زیندوومانەوە و خۆشەویستی و ئینتیما ((B=.025, p=.09)، (B=.007, p=.522)). کۆتا پێویستییەکان بوون لە مۆدێلەکە وەک پێشبینیکەرێک بۆ ئاستی بەختەوەری لای نموونەی توێژینەوەکە(خشتەی ٦ پوختەی نموونە (R square) ).

**خشتەی (٦) ئەنجامی (R square) بۆ نموونەی توێژینەوە**

**Model Summary[b]**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate | Change Statistics: R Square Change | F Change | df1 | df2 | Sig. F Change |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | .450[a] | .202 | .191 | .627 | .202 | 17.466 | 5 | 344 | .000 |

a. Predictors: (Constant), چێژوەرگرتن, زیندوومانەوە, خۆشەویستی.و.ئینتیما, هێزودەسەڵات, ئازادی

b. Dependent Variable: پێوەری.بەختەوەری.ئۆکسفۆرد

**خشتەی (٧) جیاوازی ئاستی بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن بەپێی ڕەگەز**

**Independent Samples Test**

| | | Levene's Test for Equality of Variances: F | Sig. | t-test for Equality of Means: t | df | Sig. (2-tailed) | Mean Difference | Std. Error Difference | 95% Confidence Interval of the Difference: Lower | Upper |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێوەری.بەختەوەری.ئۆکسفۆرد | Equal variances assumed | 1.102 | .294 | .429 | 348 | .668 | .032 | .075 | -.115 | .179 |
| | Equal variances not assumed | | | .429 | 343.640 | .668 | .032 | .075 | -.115 | .179 |
| زیندوومانەوە | Equal variances assumed | 3.062 | .081 | .905 | 348 | .366 | .246 | .271 | -.288 | .779 |
| | Equal variances not assumed | | | .905 | 334.039 | .366 | .246 | .271 | -.288 | .780 |
| خۆشەویستی.و.ئینتیما | Equal variances | .872 | .351 | 2.092 | 348 | .037 | .851 | .407 | .051 | 1.652 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | assumed | | | | | | | | | |
| | Equal variances not assumed | | | 2.092 | 347.680 | .037 | .851 | .407 | .051 | 1.652 |
| ئازادی | Equal variances assumed | 1.011 | .315 | 1.106 | 348 | .269 | .423 | .382 | -.329 | 1.175 |
| | Equal variances not assumed | | | 1.106 | 339.389 | .269 | .423 | .382 | -.329 | 1.175 |
| هێزو دەسەڵات | Equal variances assumed | .882 | .348 | 4.684 | 348 | .000 | 2.971 | .634 | 1.724 | 4.219 |
| | Equal variances not assumed | | | 4.684 | 345.778 | .000 | 2.971 | .634 | 1.724 | 4.219 |
| چێژوەرگرتن | Equal variances assumed | 1.474 | .226 | 2.607 | 348 | .010 | 1.709 | .655 | .419 | 2.998 |
| | Equal variances not assumed | | | 2.607 | 345.871 | .010 | 1.709 | .655 | .419 | 2.998 |

**گفتوگۆی ئەنجامەکان**

ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی توێژینەوە بوو لە پەیوەندی نێوان بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن لەنێو فەرمانبەرانی زانکۆی گەرمیان. پێش هەموو شتێک ئێمە ویستمان بزانین کە بەختەوەری و پێویستیەکان تا چ ڕادەیەک بوونیان هەیە لەنێو فەرمانبەرانی زانکۆ، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئاستی بەختەوەری فەرمانبەران لە ئاستێکی مامناوەندیدایە و ئەمەش ناکرێت پاڵپشتبێت بۆ ئەوەی پێمان وابێت بەختەوەری بوونی هەیە لەنێو فەرمانبەرانی زانکۆ، ئەمەش لە دونیای ئێستادا و لەو بارودۆخە سەختەی ژیان و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی زانکۆ و بەرزی ئاستی بژێوی ژیان و کۆمەڵێک فاکتەری گرنگتر بێگومان ڕۆڵیان هەیە لەسەر بەختەوەری فەرمانبەران و کارمەنداندا، کە ئەمە خاڵێکە کە پێویستە لە توێژینەوەکانی داهاتوودا کاری لەسەر بکرێت و ئەو هۆکارانە دیاریبکرێت کە کاریگەر و ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەسەر بەختەوەری کارمەندان و فەرمانبەراندا. هەرچەندە زۆرێک لە سەرچاوەکان پێیان وایە پێویستییەکانی مرۆڤ زیاتر ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر بەختەوەری تاکەکاندا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەدواداچوونمان بۆ ئاستی پێویستییەکانی فەرمانبەرانکرد بۆمان دەرکەوت کە ئاستی ئەو پێویستیانە بەرزن و بەتایبەت هەریەک لە پێویستییەکانی (زیندوومانەوە، ئازادی، چێژوەرگرتن). هاوکات لە ئەنجامی توێژینەوە و بەدواداچوون لە کاریگەری هەریەک لە (داهات، ڕەگەز ، باری خێزانداری)، بەزۆری کاریگەری بەرز بەدیارکەوت لە باری خێزانداری بەسەر بەختەوەر و پێویستییەکانەوە. وە پێویستی چێژوەرگرتن وەک پێویستیەکی زیاتر ڕۆڵی بینیوە لە پێشبینی کردنی بەختەوەری لای نموونەی توێژینەوەکە. وە ئەنجامی توێژینەوەیەک ئەوەی خستۆتەڕوو کە هاوسەرگیری دەکرێت بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ خۆشەویستی و پێداویستی ئینتیما دابنرێت، وە پێشبینیکەرێکی بەهێزە بۆ بەختەوەری لە ژیاندا لە ڕاستیدا خێزاندارەکان دڵخۆشترن لەوەی کە هاوسەرگیریان نەکردووە یان تەلاقدراون و بێوەژنەکان لە ژیاندا. هەربۆیە ئەنجامەکان یەکدەگرنەوە لەگەڵ توێژینەوەی (Dogan& Cotok) کە لە ساڵی ٢٠١١ کراوە لەسەر خوێندکارانی زانکۆ لە تورکیا کە ژمارەیان (٥٣٢) خوێندکاربوو بۆیان دەرکەوت کە ( هیچ جیاوازیەکر گرنگ لە ڕووی ئامارییەوە تێبینیەنکراوە بۆ جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی بەختەوەرییدا)(Dogan& Cotok,2011, p. 165-170). ئەمە لەکاتێکدایە لەم چەن ساڵەی دواییەدا لە توێژینەوەی (Kamthan, etc) لە ساڵی ٢٠١٩ کراوە لەسەر خوێندکاران لە کۆلێژی پزیشکی، لە میروت. ئەنجامەکانیان ئەوەیان خستەڕوو کە لە (٦٠.٨%)ی خوێندکارە پزیشکیەکان لە گروپێکی بەختەوەریدا بوون دەرکەوت کە قوتابیە نێرەکان (٥١.٤%) بەختەوەرترن لە مێیینەکان بەڕێژەی (٤٨.٦)(Kamthan, etc., 2019, p.190-192). هەروەها دینەر و ساندویک (1991) دەریانخست کە هەژماری جێندەری بۆ کەمتر لە 1٪ لە جیاوازیەکانی بەختەوەری بەدیاردەکەوێت کە ئەمەش بە واتایەکی تر، ژنان و پیاوان جیاوازیان نییە لە ئاستەکانی بەختەوەریدا(Hwang; Baik& Huan, 2012,p. 43). هاوکات لە توێژینەوەی (Diener; Diener& Diener, 1995, p. 851-864) ئاماژە بەوەدەکات دەکرێت بوترێت کە هەرچەندە مێینەکان زیاتر سۆزی نەرێنیان بە بەراورد لەگەڵ نێردا پێشان دەدەن بەڵام جیاوازیەکی ئەوتۆ لەئاستی گشتی بەختەوەری لەنێوان ژن و پیاودا نیە. هەروەها دەلای لاما لە تویژینەوەیەک ئەوەمان بۆ

دەخاتەڕوو هاوسەرگیری دەکرێت بەسەرچاوەیەکی گرنگ و پێشبینیکەرێکی بەهێز بۆ بەختەوەری لە ژیاندا دابنرێت و پێ وایە ئەو کەسانەی هاوسەرگیریان کردووە زیاتر بەختەوەرترن وەک لەوانەی هاوسەرگیریان نەکردووە (دەلای لاما، سی کاتڵەر، ٢٠١٩، لا١٠) کە لە نموونەی توێژینەوەکەی ئیستاماندا ئەوە نیشاندەدات کە (٢٥٠) فەرمانبەریان لە باری هاوسەرگیریدان. هەرچەندە لە هەندێ لە توێژینەوەکان کە لەسەر کارمەندان کراون ئاستی بەرزی داهات بەدیکرا لە بەختەوەری کارمەندەکاندا، بەڵام لە توێژینەوەی ئێستادا تەنها کاتێک کاریگەری داهات دەردەکەوێت لەسەر بەختەوەری کە لەگەڵ گۆڕاوی باری خێزانداریدا بێت ئەوا دەتوانێت کاریگەر بێت لەسەر بەختەوەری لای فەرمانبەران.

## پێشنیازەکان

1. جێبەجێکردنی هەردوو پێوەری (بەختەوەری) و (پێویستییەکانی هەڵبژاردن ) لە سەر نموونەیەکی گەورەتر بەمەبەستی دەرهێنانی ( جێگیری)  بۆ کۆمەڵگەی کوردی.
2. دۆزینەوە و پەیوەندی و کاریگەری گۆڕاوەکانی (تەمەن، ساڵی خزمەت، ڕازی بوونی پیشەیی، بڕوانامە) لەسەر بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن.
3. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەییەکی هاوشێوە لە نێو فەرمانبەرانی زنکۆکانی هەرێمی کوردستان-عێراق واتا (لە هەرچوار پارێزگا).

**سەرچاوەکان**


دەلای لاما و سی کاتڵەر، هاوارد (٢٠١٩). و/ محەمەد، یاسین. هونەری بەختەوەری. چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، چ٢.

Bekhet, A. K., Zauszniewski, J. A., & Nakhla, W. E. (2008, January). Happiness: theoretical and empirical considerations. In Nursing Forum (Vol. 43, No. 1, pp. 12-23). Malden, USA: Blackwell Publishing Inc.

Doğan, T., & ÇÖTOK, N. A. (2011). Adaptation of the Short Form of the Oxford Happiness Questionnaire into Turkish: A validity and reliability study. Türk Psikolojik Danışma ve Rehberlik Dergisi, 4(36), 165-170.

Fredrickson, B. L., & Losada, M. F. (2005). Positive affect and the complex dynamics of human flourishing. American psychologist, 60(7), 678.

Glasser, W. (1999). Choice theory: A new psychology of personal freedom. HarperPerennial.

Hassanzadeh, R., & Mahdinejad, G. (2013). Relationship between happiness and achievement motivation: A case of university students. Journal of Elementary Education, 23(1), 53-65.

Hernández Aburto, K., Muñoz Rioseco, M., & Moyano-Díaz, E. (2017). Concept of Happiness in Adults from Low-Income Class. Paideia (0103863X), 27.

Hills, P., & Argyle, M. (2002). The Oxford Happiness Questionnaire: a compact scale for the measurement of psychological well-being. Personality and individual differences, 33(7), 1073-1082.

Hole, T. H. (2021). How does political freedom affect social happiness? A quantitative study of how Maslow can help explain the link between political freedom and social happiness (Master's thesis).

Hwang, K., Baik, S. H., & Huan, F. (2012). Discussion of glasser's "basic needs" among medical students pertaining to their self-understanding and self-awareness. Int J Choice Theory Real Ther, 5, 42-7.

Kamthan, S., Sharma, S., Bansal, R., Pant, B., Saxena, P., Chansoria, S., & Shukla, A. (2019). Happiness among second year MBBS students and its correlates using Oxford Happiness Questionnaire. Journal of oral biology and craniofacial research, 9(2), 190-192.

Kennedy, I. (2020). Basic needs Based on work of William Glasser's Choice Theory. Counsellor& Psychotherapist- PhD Education. On www.Kennedy counseling.com.

Kraut, R. (1979). Two conceptions of happiness. The philosophical review, 88(2), 167-197.

Kutlu, M., & Pamuk, M. (2016). Analysis of Social and Emotional Loneliness According to Glasser's Basic Needs. Educational Process: International Journal, 5(2), 128

Litwack, L. (2007). Basic needs-a retrospective. International Journal of Reality Therapy, 26(2), 28.

Shiva, H., & Hassan, T. (2016). Study of Conflict between Adizes's Leadership Styles and Glasser's Five Basic Needs. Mediterranean Journal of Social Sciences, 7(3 S3), 89.

SING, K. W. M. (2011). A Study on The Validity and Reliability of Basic Needs Questionnaire. Jurnal Psikologi Malaysia, 25. . mustafa pamuk, Educational Process: International Journal. Vol. 2 No. 5. P.164-180.

Sing, K. W. M., & Jusoh, A. J.(2015). Validity and Reliability of Basic Needs Questionnaire Based on Choice Theory in Malaysia. mustafa pamuk, Educational Process: International Journal. Vol. 2 No. 5. P.164-180.

Turkdogan, T. (2017). Exploring the Antecedents of Happiness: Reconceptualization of Human Needs with Glasser's Choice Theory. In Quality of life and quality of working life. IntechOpen. DOI: 10.5772/68022.

Turkdogan, T., & Duru, E. (2012). The Role of Basic Needs Fulfillment in Prediction of Subjective Well-Being among University Students. Educational Sciences: Theory and Practice, 12(4), 2440-2446.

# پاشکۆکان

**پاشکۆی (١) پێشەکی هەردوو پێوەری بەختەوەری و پێویستییەکانی هەڵبژاردن بەشێوەی کۆتایی یەکەی لەگەڵ زانیارییە دیمۆگرافیەکان**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر**

**کۆلێژی ئەدەبیات- بەشی دەروونزانی**

**قۆناغی ماستەر**

**سڵاو فەرمانبەری بەڕێز....**

توێژەر هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (**پێویستیەکانی هەڵبژاردن و پەیوەندی بە بەختەوەرییەوە** ... داواکارم لە بەڕێزتان بڕگەکانی هەردوو پێوەر بەوردی بخوێننەوە و هێمای (ڕاست ✓) بۆ هەر بڕگەیەک دابنێ کە لەگەڵ تۆدا دەگونجێ. هاوکاریت ... تییە.

**ڕەگەز:** نێر مێ

**تەمەن :** ..../......./.......

**ساڵی خزمەت:** .................... ساڵ

**بڕوانامە:** ( بێ بڕوانامە، بنەڕەتی، ناوەندی، ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا)

**داهات:** (٣٠٠-٥٠٠ هەزار دینار) (٥٠٠-٨٠٠ هەزار دینار) (٨٠٠- ١٠٠٠ هەزار دینار)

**باری خێزانداری:** سەڵت خێزاندار تەڵاقدراو (لێکجیابوونەوە)

**پاشکۆی (٢) پێوەری پێویستییەکانی هەڵبژاردن لە شێوەی کۆتایی**

| ز | بڕگەکان | بەتەواوی هاوڕام | تاڕادەیەک هاوڕام | دڵنیانیم | تاڕادەیەک هاوڕانیم | بەتەواوی هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەلامەتی خۆم لە پێش هەموو شتێکەوەیە. | | | | | |
| ٢ | ژیانی خێزانیم زۆر لا گرنگە | | | | | |
| ٣ | ئارەزووی سەرکێشیکردن ناکەم لە زۆربەی بوارەکانی ژیانمدا. | | | | | |
| ٤ | بوونی داهاتی باش بۆم گرنگە. | | | | | |
| ٥ | گرنگی بە ئاسایشی دەروونیم دەدەم. | | | | | |
| ٦ | حەز بە ئەزموون و شتی تازە دەکەم. | | | | | |
| ٧ | ئارەزووی کارکردنی جدی دەکەم. | | | | | |
| ٨ | توانای دروستکردنی پەیوەندی نوێم هەیە لەگەڵ کەسانی تردا. | | | | | |
| ٩ | ئارەزووی هەبوونی پەیوەندی پتەوو و قوڵ دەکەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم دا. | | | | | |
| ١٠ | ئارەزووی بەسەربردنی کاتی زیاترم هەیە لەگەڵ هاوڕێیانم دا. | | | | | |
| ١١ | خەم و گرفتەکانی کەسانی دەوروبەر زوو کارم لێدەکەن. | | | | | |
| ١٢ | زۆربەی کات بەژداری لە گروپ و ڕێکخراوەکاندا دەکەم. | | | | | |
| ١٣ | بوونی کەسێکی هاوبەش لە ژیاندا بەگرنگ دەزانم. | | | | | |
| ١٤ | لەگەڵماڵەوە هەست بە ئاسوودەی تەواو دەکەم. | | | | | |
| ١٥ | بوونی هاوبەش بۆمن گرنگە. | | | | | |
| ١٦ | حەزدەکەم بواری هەڵبژاردنم هەبێت لە زۆربەی شتەکانمدا. | | | | | |
| ١٧ | حەزناکەم کەسانی تر ژیانم بەڕێوەببەن و بڕیاربدەن لە کارەکانمدا. | | | | | |
| ١٨ | ئەو شتانەی کە خۆم دەمەوێت دەیانکەم و بەبێ گوێدانە قسەی کەسانی دەوروبەر. | | | | | |
| ١٩ | سورم لە بڕیاردان دەربارەی بابەتە گەورە و بچوکەکانی ژیانمدا. | | | | | |
| ٢٠ | ئەوەی بۆ خۆم پێم خۆشە بۆ خەڵکیش پێم خۆشە. | | | | | |
| ٢١ | دان بەهەڵەکانمدا دەنێم. | | | | | |
| ٢٢ | حەز بە تەنهای دەکەم لەهەندێ کاتدا. | | | | | |
| ٢٣ | حەزدەکەم بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانی تردا داهێنان بکەم. | | | | | |
| ٢٤ | حەز و خولیای بەدەستهێنانی زیاترم هەیە لە ژیان دا. | | | | | |
| ٢٥ | خولیای زۆرم هەیە بۆ بوون بە سەرکردە. | | | | | |
| ٢٦ | حەز بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خەڵکی دەکەم. | | | | | |
| ٢٧ | حەزدەکەم کەسانی تر گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بن. | | | | | |
| ٢٨ | حەز بە پێدانی فەرمان دەکەم بەسەر کەسانی تر دا. | | | | | |
| ٢٩ | هەوڵی زیاتر بۆ بەدەستهێنانی پارە دەدەم | | | | | |
| ٣٠ | لە هەوڵدان بەدوای دەسەڵاتدا سڵ لە هیچ ناکەمەوە تا دەگاتە قوربانیدان بە خێزان. | | | | | |
| ٣١ | بەدەستهێنانی پلەو پایەیەکی بەرز چێژم پێ دەبەخشێت. | | | | | |
| ٣٢ | خولیای بەسەربردنی کاتی خۆشی و پێکەنینم هەیە لەگەڵ کەسانی تردا. | | | | | |
| ٣٣ | حەز بەگەشتکردنی بەردەوام دەکەم. | | | | | |
| ٣٤ | زۆرجار بە دەنگی بەرز پێدەکەنم. | | | | | |
| ٣٥ | حەز بە ئەنجامدان و تاقیکردنەوەی هەندێ کاری گەمژانە دەکەم. | | | | | |
| ٣٦ | حەزم لە نوکتە گێرانەوەیە. | | | | | |
| ٣٧ | زۆرجار بەهەندێ ڕەفتاری خۆم پێکەنین دەمگرێت. | | | | | |
| ٣٨ | خولیای سەماکردن دەکەم. | | | | | |
| ٣٩ | پێویستیم بە کاتی زیاترە بۆ خۆشی وەرگرتن. | | | | | |
| ٤٠ | لەگەڵ مندالان پەیوەندی باشم هەیە. | | | | | |

**پاشکۆی (٣) پێوەری بەختەوەری ئۆکسفۆرد لە شێوەی کۆتایی**

| ز | بڕگەکان | هاوڕانیم بەتەواوی | هاوڕانیم بەشێوەیەکی مامناوەند | هاوڕانیم تاڕادەیەک | هاوڕام تاڕادەیەک | هاوڕام بەشێوەیەکی مامناوەند | هاوڕام بەتەواوی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەست بە دڵخۆش بوون ناکەم بەو شێوەیەی کە هەم. | | | | | | |
| ٢ | زۆر خۆشیم بە خەڵکی تر دێ. | | | | | | |
| ٣ | هەست دەکەم کە ژیان زۆر بەخشندەیە. | | | | | | |
| ٤ | بەرامبەر بە هەموو کەسێ هەستێکی گەرمم هەیە. | | | | | | |
| ٥ | بەدەگمەن لەخەو هەڵدەستم ئیسراحەتم کردبێ. | | | | | | |
| ٦ | گەشبین نیم سەبارەت بە داهاتوو. | | | | | | |
| ٧ | هەموو شتێ بە دڵخۆشکەر دەبینم. | | | | | | |
| ٨ | هەمیشە بەشدار و پابەندم بە شتەکانەوە. | | | | | | |
| ٩ | پێم وانیە کە ژیان شوێنێکی باش بێ. | | | | | | |
| ١٠ | زۆر پێدەکەنم. | | | | | | |
| ١١ | ڕازیم بە هەموو شتێکی ژیانم. | | | | | | |
| ١٢ | پێم وانیە سەرنج ڕاکێشەر بم. | | | | | | |
| ١٣ | بۆشاییەک هەیە لەنێوان ئەوەی کە دەمەوێ بیکەم و ئەوەی کە کردوومە. | | | | | | |
| ١٤ | زۆر دڵ خۆشم. | | | | | | |
| ١٥ | جوانی لە هەندێ شتا دەبینم. | | | | | | |
| ١٦ | هەمیشە کاریگەرییەکی خۆشم لەسەر خەڵکانی تر هەیە. | | | | | | |
| ١٧ | هەمیشە دەگونجێم و کات دەدۆزمەوە بۆ ئەو شتەی دەمەوێ بیکەم. | | | | | | |
| ١٨ | هەست دەکەم کۆنترۆڵم نیە لەسەر ژیانی خۆم. | | | | | | |
| ١٩ | هەست دەکەم دەتوانم هەر شتێ لە ئەستۆ بگرم. | | | | | | |
| ٢٠ | هەست بە وریابوێکی هزری تەواو دەکەم. | | | | | | |
| ٢١ | زۆرجار دڵخۆشی تاقی دەکەمەوە. | | | | | | |
| ٢٢ | پێم وایە بڕیاردان ئاسان نیە. | | | | | | |
| ٢٣ | هیچ واتا و مەبەستێکم لە ژیاندا نیە. | | | | | | |
| ٢٤ | هەست دەکەم کە وزەیەکی زۆرم هەیە. | | | | | | |
| ٢٥ | زۆرجار کاریگەریەکی باشم لەسەر ڕووداوەکان هەیە. | | | | | | |
| ٢٦ | گاڵتەم نیە لەگەڵ خەڵکانی تر. | | | | | | |
| ٢٧ | هەست ناکەم کە تەندروست باش بم. | | | | | | |
| ٢٨ | یادەوەری خۆشم دەربارەی ڕابردوو نیە. | | | | | | |

**Choice needs and relationships to happiness by university employees**

**Yusra Yousif Mohammed**
College of Arts, Department of Psychology,
Salahaddin University-Erbil
yousra.yousif.psycho@gmail.com

**Omar Ibrahim Aziz**
College of Arts, Department of Psychology,
Salahaddin University-Erbil
Omer.azeeze@su.edu.krd

**Abstract**

The aim of this study was to examine the relationship between choice needs (Survival, love and Belonging, freedom, power and achievement, Fun) and the relationship with happiness among university employees. Also, know the role of factors such as gender, marital status, income on happiness and choice needs. Plus knowledge of the predictive ability of the choice needs variables for happiness lay in the study sample. The research community consisted of employees of Garmian University, which consisted of employees of all three directorates (University Presidency, Colleges and Research Center) of Garmian University – Kalar township of Sulaimani province. The sample was 47% of the study community, which consisted of 350 employees of both sexes (male and female) equally. Reliance was placed on the (descriptive relationship) approach in this study, and qualitative data were also collected through either the Choice Needs Scale prepared by the researcher, the Oxford Happiness Scale developed by (Hills & Argyle, 2002). with the preparation of demographic information forms. In order to achieve the objectives of the research, statistical analysis (Pearson Correlation Coefficient, Anova, Regression analysis) were used. The results showed that there is a statistically significant relationship between each of the choice needs variables and happiness in the study sample. The effect of marital status on happiness and needs, Survival, Love and Belonging, freedom, power and Achievement) was also observed. Finally, it was found that the need for Fun could be a stronger predictor of happiness in the study sample than other needs.

**Keywords:** needs of choice, happiness.

**اختيار الاحتياجات وعلاقتها بالسعادة من قبل موظفي الجامعة**

**يسري يوسف محمد**
كلية الآداب، قسم علم النفس، جامعة صلاح الدين-أربيل
yousra.yousif.psycho@gmail.com

**عمر ابراهيم عزيز**
كلية الآداب، قسم علم النفس، جامعة صلاح الدين-أربيل
Omer.azeeze@su.edu.krd

**ملخص**

كان الهدف من هذه الدراسة هي العلاقة بين اختيار الاحتياجات (احتياجات البقاء Survival، والحب و الانتماءLove and Belonging، والحريةFreedom، و القوةPower، و المتعةFun) والعلاقة بالسعادة بين موظفي الجامعة. و أيضًا تعرف على دور عوامل مثل الجنس والحالة الاجتماعية والدخل في السعادة و اختيار الاحتياجات. بالإضافة معرفة القدرة التنبؤ اختيار الاحتياجات إلى للسعادة تكمن في عينة الدراسة. يتألف المجتمع البحثي من موظفي جامعة كرميان ، والتي تكونت من موظفي جميع المديريات الثلاث (رئاسة الجامعة ، الكليات ومركز الأبحاث) بجامعة كرميان - بلدة كلار بمحافظة السليمانية. بلغت العينة 47٪ من مجتمع الدراسة الذي يتكون من 350 موظفاً من كلا الجنسين (ذكوراً وإناثاً) بالتساوي. بناءً على نهج (العلاقة الوصفية) تم استخدامه في هذه الدراسة ، كما تم جمع البيانات النوعية من خلال كل مقياس من مقاييس اختيار الاحتياجات الذي أعده الباحث ، مقياس أكسفورد للسعادة الذي طوره Hills) (& Argyle, 2002، مع إعداد نماذج المعلومات الديموغرافية. ولتحقيق أهداف البحث تم استخدام التحليل الإحصائي (معامل ارتباط بيرسون ، تحليل أنوفا ، تحليل الانحدار). وأظهرت النتائج وجود علاقة ذات دلالة إحصائية بين كل من متغيري اختيار الاحتياجات والسعادة في عينة الدراسة. كما لوحظ تأثير الحالة الزوجية على السعادة والاحتياجات البقاء، و الحب و الانتماء، و الحرية، و القوة) أخيراً ، وجد أن الحاجة إلى المتعة يمكن أن تكون مؤشرًا أقوى على السعادة في عينة الدراسة من الاحتياجات الأخرى.

**الكلمات المفتاحية:** اختيار الاحتياجات ، السعادة.